*

بەفر کەوتە تووانەوەو ئاسمان سامالّ، لە خواریشەوە لەسەر ئەرز، ئاو بەژێر بەفرەکەدا دەڕۆیشت و دەڕژایە خوارەوەو دەشتەکە هەڵیدەمژت. تەلانەکان سەریان بەرزکردبۆوەو بەڕووناکیی چرۆیان دەکرد، شنەیەك هەڵیکردبوو، ئەو پروشە بەفرانەی کە هێشتا بەسەر درەختەکانەوە بوون، بێدەنگ دەتووانەوەو تنۆك تنۆك دەڕژانە خوارەوە. یەکەمین کوکوختی لەنێو درەختەکانەوە دەیخوێندو زستانی ڕاودەنا، دلّ گوێی بۆ برا کوکوختی ڕادەدێراو بەشادومانییەوە وەلامیدەدایەوە، ئاخر ئەو دووانە هەردووکیان سەر بە فیرقەی بەهار بوون.

ئاسمان و عەرد هەردووکیان میهرەبانتر ببوون، چیدی ئاوها توند عەزابی خەلّکیان نەدەدا، ناو بە ناو کاتێك نانی ڕۆژانەم بۆ فرانسیسکۆس دەبردو لەبەر کوختەکەیدا دامدەنا، دەمبینی زەردەخەنەیەکی نەرم بەسەر لێوە وشکهەلّگەڕاوەکەیەوە شەپۆلدەدا.

ئەوەی کارێکی فیداکارانە ئەنجام بدەم. بەڵام ئیتر لەمەولا ...."

فرمێسکی چاوانی سڕی. گوتی:" باشە ..." وایگوت و گریانەکەی قووتدایەوە: "ئەلعان دەڕۆم گوێدرێژێکی چکۆڵەی بۆ دێنم و بەتانییەکیش تا کورتانەکە گیانی نەڕوشێنێ. تۆ کۆیکەرەوە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە."

کەوتە ڕێ و بۆ ماوەیەکی درێژ دەنگی خلۆربوونەوەی ئەو بەردانە دەبیسترا کە لەژێر پێیدا دەترازان.

*

دوای تاوێك گوێدرێژە چکۆڵەکە لەبەردەم کوختەکەی فرانسیسکۆسدا ئامادەکرا، بەتانییەکی سووری ئەستوور درابوو بەسەر کورتانەکەیدا. گەلێك بە پارێزەوە فرانسیسکۆسمان بەرزکردەوەو خستمانە سەر پشتی گوێدرێژەکە، فرانسیسکۆس ئازاری هەبوو، خوێن لەو پارچە پەڕۆیانەوە دەچۆڕا کە برینەکانیم پێ بەستبوو.

پیاوەکان سڵیان کردەوەو پاشەکشێیان کرد، بەڵام ژنگەل لە تورەییدا کەفیان دەچڕاندو خۆیاندا بەسەر فرانسیسکۆسدا، پڕیانکرد بە جبەکەیداو هەلاهەلایانکرد، جەستە شینهەڵگەڕاوەکەی فرانسیسکۆس وەدیارکەوت.

فرانسیسکۆس لەبەرخۆوە گوتی:" منالّەکانم، منالّەکانم ....." وایگوت و دایە قوڵپی گریان.

گوێدرێژە چکۆڵەکە لەرزە لەرز قاچی بۆ پێشەوە بردو ویستی بکەوێتە سەر چۆك، بەڵام کاپتن لیکۆ مشتێکی پێدا کێشاو هەمدیس هەستایەوە. خەڵکەکە شاڵاویان هێنایە پێشێ، بەڵام کاپتن لیکۆ تیڵاکەی باداو خەڵکەکە گوێیان لە هاواری زەلامێك بوو سەری شکا.

کاپتن لیکۆ تیڵاکەی لە هەوادا باداو قیژاندی:" بگەڕێنەوە دواوە، ئەی بێحورمەتیی کەران بە قەدیس، بگەڕێنەوە دواوە!"

هەر کە نەخۆشەکان پیاوی قەدیسیان بینی دوور دەکەوێتەوە، کەوتنە هاوار هاوارو گریان.

